# ئەو کتێبەی بە فەرمانی ستالین تەنها بۆ ستالین نوسرا !

**نوسینی: هەندریک ئەبەرلە & مەتیاس ئوهل**
**پێشکەش کردنی کتێب : رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم**

یەکێک لەو کتێبە دەگمەنانەی کە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر بەزمانەکانی ( ئەلمانی و هۆڵاندی و ئینگلیزی ) خرایە بەردەم خوێنەر کتێبێکی کەم وێنەیە کە بە فەرمانی (جۆزیف ستالین – 1879- 1953 )ی سەرۆکی یەکیەتی سوڤیەتی جاران و تەنها بۆ خۆی نوسراوە، ئەم کتێبە کە ناسراوە بە ( کتێبەکەی هتلەر ) باس لە ژیان و بەسەرهاتەکانی ئەدۆلف هتلەر لە نێوان ساڵانی ( 1933 – 1945 ) دەکات... هەندریک ئەبەرلە، کە سەرقالی توێژنەوەکانی خۆی بوو لەمەڕ یەکیەتی سۆڤیەت، بە رێکەوت لە نێو ئارشیفەکانی پارتی کۆمۆنستی سۆڤیەتدا ئەم کتیبەی بەرچاو کەوت...

رۆژی 30 ئاپرلی 1945 هێزەکانی سوپای سوری سۆڤیەت تەنها چەند سەد مەترێکیان مابوو بگەنە هتلەر، شەڕو کوشتارێکی بێ ئەندازە لە ئارادا بوو، هتلەر لە یەکێک لە قەڵا سەربازیەکانی نزیک رایخی خۆیەوە دووا شکستەکانی بە چاوی خۆی دە بینی و ئیتر لەوساوە کەس نەیزانی ئەم دکتاتۆرە ئەفسوناویە ئاسمان هەلی لوشی یان زەمین قوتی داو هیچ شتێکی راست و دروست لە سەرچاوەیەکی فەرمیەوە لەسەری ئاشکرا نەکرا!

دەگوترا گویا هتلەر خۆی کوشتووە و هەندێک جاریش دەگوترا کە بەرەو دەڤەرێکی دیکەی ئەوروپا هەڵهاتووە...

سوپای سور کە هتلەریان بۆ دەستگیر نەکرا زۆریان خەم بوو چارەنوسی ئەم دوژمنە سەر سەختەی خۆیان بزانن، بۆیە کەوتنە گەڕان بەشوێن کەسانی هەرە نزیک و باوەڕپێکراوی هتلەر تا توانییان پاش دوو رۆژ هەر یەکە لە ( ئۆتۆ گونشە) گەورە یاریدە دەری هتلەر و (هەینز لینگە ) بەرپرسی خزمەتکارەکانی هتلەر دەستگیر بکەن...

بە فەرمانی جوزێف ستالین هەر یەکە لەم دوو هاوکارە نزیکەی هتلەر بە زووترین کات و بە جیا بەرەو سۆڤیەت رەوانە کران و دەزگای ئاسایشی ناوخۆی سۆڤیەت ( ئێن کەی ڤی دی ) راسپێردرا کە بە زووترین کات لەگەڵ ئەم دوو هاوکارەی هتلەردا لێپێچینەوەی ورد ئەنجام بدرێت و بەهۆیەوە چارەنوسی هتلەر ئاشکرا بکرێت...

ستالین کە بۆ خۆشی دکتاتۆرێکی هاو وێنەی هتلەر بوو، زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو کە سەبارەت بە ژیانی هتلەر سێ خاڵ بزانێت:

یەکەم – تواناکانی خودی هتلەر

دووەم – ژیانی تایبەتی

سێهەم – چارەنوسی

ئەم کتێبە کە ژمارەی لاپەڕەکانی 653 لاپەڕە دەبێت، زۆر بە وردی وردەکاریەکانی ژیانی هتلەر لەنێوان ئەو ماوەیەدا دەخاتە روو، تەواو کردنی ئەم کتێبەو لێپێچینەوەکە پێکەوە دوو ساڵی خایاندووە، ئەم کتێبە کە هاوپێچە بە چەندین بەڵگەی نهێنی و وێنەو بۆچونی ئەو کەسانەی کە بە تەنها ماوەیەکی درێژ سەرقاڵ بوون بە وەی کە هەر یەک لەو دوو کەسە بە تەنها لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت بۆ ئەوەی لە هەر بابەتێکدا جیاوازی هاتە کایەوە بتوانن راستیەکەی بدۆزنەوە و ماوە نەدەن ئەو دووانە پێکەوە چیرۆکی دروست کراو هەڵبەستن ، ئەو کاتەشی ئەم دوو کەسە پێکەوە دانرابن یان خرابێتنە یەک ژورەوە ئەوە بێ گومان لەو ژورەدا

بەهۆی مایکرۆفونی نهێنی هەمیشە چاودێری کراون و گوێ لە گفت و گۆکانیان گیراوە بۆ ئەوەی راستی و دروستی لێدوانەکانیان بزانرێت...

ئەم کتێبە هەتا کاتی مردنی ستالین پاش نوسینەوەی تەنها لەسەر رەفەی ستالین خۆی دانرابوو، لە رووی راستگۆیی و ئاستی بابەتی بونیدا زۆر بە کتێبێکی بە نرخ دانراوە چونکە (هەینز لینگە ) بەرپرسی خزمەتکارەکانی هتلەر وردەکاریەکانی ژیانی تایبەتی هتلەری زۆر بە وردی باس کردووە، ئەم کەسە کە بەرپرسی خۆراک و پۆشاکیشی بووە هیچ کاتێک لە هیچ پرۆسەیەکی سەربازیدا بەشدار نەبووە، بەڵام هەمیشە هەموو کەسان و میوان و هاتوچۆکانی هتلەری زانیوە، هەروەها ئۆتۆ گونشە کە یەکێک بووە لە گەورە یاریدە دەرکانی هتلەر بە پێچەوانەی هاوڕیکەی ئاگاداری تەواوی کردەوە سەربازیەکان و فەرمانەکانی هتلەرو لێدوانەکانی لەگەڵ سەرکردە سەربازیەکاندا بووە...

هەردوو نوسەر لەو باوەڕەدان کە ئەو دوو هاوکارەی هتلەر بە شێوەیەک لە شێوەکان ناچار کرابن کە لێدوانەکانیان بدەن و چی لەسەر هتلەر دەزانن بیدرکێنن، بەڵام ئەمە کاری نەکردۆتە سەر ناوەرۆکی لێدوانەکانیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەبەر ئەوەی شوێنی زیندانەکەیان زۆر بۆ باش کردوون و مامەڵەیان لە چاو زیندانەکانی دیکەدا زۆر باش تر بووە، بە هیچ شێوەیەک درێغیان لە درکاندنی وردەکاریەکانی هتلەر نەکردووە...

ئەو زانیاریە گرنگانەی ئەم کتێبە دەری دەخات زۆرن لەوانە:-

- هتلەر راستەوخۆلەگەڵ هملەر سەرپەرشتی ژوری گاز( خنکاندن ) ی کردووە و تەنانەت لەژێر چاودێری خۆشیدا ژورە گەڕۆکەکان ، ئەوانەی کە بە کامێونی گەورەوە بەسترابوون دەگوازرانەوە کاریان کردووە، ئەم راستیانە ئەوە دەسەلمێنن کە هتلەر خۆی راستەوخۆ فەرمانی جینۆسایدی جولەکەکانی داوە و هەموو ئەو هەوڵە نەزۆکانەش پوچەڵ دەکاتەوە کە دەیەوێت ئۆباڵی ئەو جینۆسایدە لە ئەستۆی هتلەر لابەرێت..

- ئەوە دەمەی هتلەر لە دووا ساتەکانی شەڕدا هێزەکانی سوپای سوور تەنها چەند سەد مەتر لێوەی دوور بوون و چی دی ماوەی دەرباز بوون یان شەڕو سەرکەوتنی نەماوە لەگەڵ ( ئێڤا براون ) خۆشەویستی بە دەمانچەکەی خۆی، خۆی دەکوژێت و هەر لەسەر فەرمانی خۆشی تەرمەکانیان لە لایەن ئەو دوو هاوکارەیانەوە ( ئۆتۆ گونشە و هەینز لینگە )

دەسوتێنرێن...

بەڵام خاڵێکی دیکەی گرنگ لەم کتێبەدا ئەوەیە کە بایەخی ستالین بۆ ئەنجام دانی ئەم لێپێچینەوەیەو نوسینەوەی بۆ ئەوە نەبووە کە ئەو راستیە مێژوییانە بپارێزێت یاخود راستی جینۆسایدی جولەکەو هۆلۆکۆست تۆمار بکات چونکە خۆشی لە بنەڕەتدا دژ بە سامی بووە، بەڵکو هاوتای هەمان دکتاتۆر خەیاڵی دیکەی لە سەردا بووە، خەیاڵی ئەوەی کە بزانێت هتلەر ئەو توانا سەربازیانەی چۆن برەو پێداوە و چۆن لەگەڵ هملەری سەرکردەی سوپای ( ئێس ئێس ) مامەڵەی کردووە!

پرسیار:-

دەبێت بەرپرسانی کورد لە حکومەتی عێراقدا تەنانەت خودی سەرۆکی عێراق بەرێز تالەبانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرێز بارزانی بێریان لەوە کردبێتەوە کتێبێکی لەو جۆرە بە کە عەلی کیمیاوی و سەدام و تاوانبارانی دیکەی جینۆسایدی کوردستان بنوسنەوە؟